کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-7-2007 20:31بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەزموونی ئیسرائیل و ئەزموونی سایەق تەکسی ... هێمن مەلازادە

2007/6/10

که لەگەڵی سەرکەوتم پێش ئەوەی چاکی و چۆنی بکەم، پەشیمان بوومەوە کە لەگەڵ ئەو پیرەمێردە سواری تەکسی بوومە، وامدەزانی ئەویش هەر وەك و خەڵکی بەگشتی پرتە پرت و بۆڵە بۆڵی لەبەر بێ کارەبایی و کەموکوڕی خزمەتگوزاری، یانیش بێ بەنزینیی و بەنزین گرانییە؟ دوای کەمێك بۆم روون بووەوە کە ئەو خاڵۆیە دڵی پڕە لە خەم و خەفەت و دەیەوێت خەمەکانی لای منێك، کە ئەو پێیوایە گەنجم، هەڵڕێژێت.



- خاڵە گیان ئیتر ئەوە وڵاتی ئێمەیە، قەدەرە قابیلە چیبکەین؟

- ئاخر کوڕم خەتای خۆمانە، "حاشا" ئێمە خۆ فرۆشین خزمەتی بێگانە دەکەین، لەوەتەی هەین زۆربەمان خوڵامی ئەم و ئەو بووینە و بەعزێکیش جاش و خۆ فرۆش بووینە و بەعزێکیش ئێستا دەبینین کە دەیانەوێت ئەو ئەزموونەی کەچاوی کۆنە جاش و موستەشار و بەعسیەکانی پێ کوێر بووە لێمان تێك بدەن. ئاخر کوڕم چۆن دەبێت ئێوەی گەنج ئاوا بێ هەڵوێست بن و هەستی نەتەوەییتان لەژێر سفر بێت.

- بۆچی وا دڵت توندە مامە گیان؟

- کوڕم ئەوەی من ئێستا بیری لێدەکەمەوە ئەگەر تۆش بیزانی خەفەتی بۆ دەخۆیت.

- هەرچەندە ئەگەر پرسیاریشم نەکردبا هەر پێی دەگوتم مەسەلە چییە، بەڵام منیش لەو بە پەلەتر بووم تا بزانم ئەو شوفێری تەکسیە بۆ ئەوەندە تورەیە؟ بۆیە پێم گوت مامە گیان مەسەلە چییە؟

- کوڕم، خزمێکم هەبوو هەزار رەحمەت لە گۆڕی بێت دەیگوت: لە سەردەمی شۆڕشی ملا مستەفای بارزانی "خوا لێی رازیبێت" لە ساڵانی شەست و حەوت لە شەڕێك وابزانم بە ناوی "ئەیام غوفران" بوو کە لە نێوان عەرەب وجولەکەکان سەریهەڵدا و کوردەکان سەربازی سوپای عەرەبەکانی عێراق بوون و لە دژی ئیسرائیل دەجەنگان.

- ئێ؟ - دواتر ئیسرائیلیەکان لە شەڕەکە سەرکەوتن و هەندێك سەربازیشیان بە دیل گرت، کاتێك دیلەکانیان بردەوە بۆ ئیسرائیل، عێراقیەکانیان جوێ کردەوە و دواتریش کوردەکان. پلەدارێکی گەورەی کورد لە سوپای ئیسرائیلی ئەوکات، لە یەکێ لە سەربازە کوردەکانی پرسی بوو، عەیب نیە بۆ ئێوە شەڕ بۆ عەرەب دەکەن و خزمەتی بێگانە دەکەن؟ عەیب نیە بۆ ئێوە بارزانی شۆڕشی بەرپا کردووە و ئێوەش دژی ئەو و ئێمە و لە خزمەتی عەرەب وەستاون و ناچن یارمەتی سەرۆکەکەتان بدەن و دەوڵەتی خۆتان بونیات بنێن؟ راستە من جوولەکەم بەڵام کوڕی هەولێرم و لەوێش لە دایك بوومە و دونیایەك سەروەت و سامانیشمان لە هەولێر هەبوو، بەڵام کاتێك وتیان جوولەکە دەبێتە دەوڵەت، ئێمە هەموو ماڵ و حاڵ و دوکان و پارە و سامانمان جێهێڵا و بەرەو بونیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیل هەنگاومان نا و کۆچمان کردوو پشتگیریشمان لە سەرۆکی خۆمان کرد، ئێستاش چاومان لە ماڵ و سامانی خۆمان نییە وا دەزانم یەك دەنکە شقارتەیە، مادام دەوڵەتین.

- خاڵە گیان تۆ ئەو زانیاریانەت چۆن دەست کەوتووە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-7-2007 20:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

- کوڕم ڕاستە من سایەقی تەکسیم و دەزانم عەنتیکەشت پێ دێت کە ئەو قسانە دەکەم، بەڵام زۆر بە تەمەن و ئەزموونم، ئەوە من و سەدانی دیکەش لەسەر شۆڕشی میللەتەکەمان ماڵ وێران بووین، کەچی کەسیش ئاوڕمان لێ ناداتەوە و هەرگیزیش بێ ئومێد نابین، لە ئێوەی گەنجیش زیاتر هەستی نەتەوەییمان بەرزە، بەڵام بەخوا زۆر شەرمە بۆ بەعزێك گەنج لەسەر سادەترین شت هەزار جنێو بە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکەکانیان دەدەن و شەرەف و ناموس و ڕابردو و شۆڕشی سەرکردەکانمان بە پەرداغەك ئاوی سارد و یەك سەعات کارەبا دەگۆڕنەوە.

ئەو دەیگوت: پێویستە ئێمە بەرژەوەندی تایبەتیمان لەدوای هەموو شتەکانەوە بێت، شەرمە بۆ ئێمە وا بیردەکەینەوە؟

ڕاستییەکەی، من لە گەڵ قسەکانی شوفێری تەکسیەکە و هەڵوێستە نەبەردیەکانی گریانم دەهات و زۆرم پێ سەیر بوو! چۆن ئەو پیرەمێردە ئاوا بە جەرگە و نیشتمانپەروەرە؟

مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە گەڵ هەڕەشە و گوڕەشەکانی تورکیا و پیلانە ئاشکرابووەکانی قاهیرەی بەعزێك لە دۆستەکانمان، زۆر پێویستە و جێگای خۆشیەتی، هەڵوێستمان لە تەك هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان و بەرپرسە سەربازیەکانمان بێت و هەموومان پێشمەرگە بین، با ئێمەش چاو لە ئەزموونی ئیسرائیل و ئەزموونی ئەو شوفێرە بکەین، بزانین چۆن هەنگاویان هاویشت بە ئاراستەی یەکگرتن و دواتریش دەوڵەت؟ ڕاستە ئەمریکا بەرگری لە مانەوەیان دەکات، بەڵام خۆیان بە جەرگن، خۆیان نیشتمانپەروەرن و هەستی نەتەوەییان لە سەدا سەدە. ئەوان کچ و کوڕیان لە هەژدەساڵی سەربازی دەکەن و بە دڵ و بە گیان بەرگری لە خاکیان دەکەن؟ بەڵام گەنجی ئێمە لە هەژدە ساڵی دونیایەك موعاناتی هەیە و ناچار ڕادەکات بۆ هەندەران.

بۆیە پێویستە حکومەت ڕەوشی نالەباری گەنج و لاوەکانمان لە بەرچاو بگرێت و لە هەمانکدا گەنجانیشمان ڕەوشی نالەباری کوردستان لەبەرچاو بگرن. با ئێمە چاوپۆشی لە هەندێ ئیمتیازات و خۆشی بکەین کە دوژمنانمان هانمان دەدەن داوای بکەین.

تێبینی: ئەم وتارە چەند ڕۆژێك درەنگ لە کاتی نووسینی بڵاوبوویەوە، لەبەر بێ بەڵێنی بەعزێك لە ڕۆژنامەنووسەکانی شاری هەولێر.

Malazada83@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.